www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

ئەنتی دوهرینگ

شۆڕشی بەڕێز ئۆجین دوهرینك لە زانستدا

فریدریك ئەنگلس

# سۆسیالیزم

١–كورتەیەكی مێژوویی

وەك لە (دەسپێك) دا بەرچاومان كەوت، چۆن فەیلەسوفە فەرەنسییەكان لە سەدەی هەژدەهەم، بە بانگەواز بۆ ئەقلّ، رێگەیان بۆ شۆرش خۆش دەكرد، بەوەی كە تاقە دادوەرە بە سەر هەموو شتێكەوە. ئەمانە داوای دامەزراندنی دەولّەت و كۆمەلّگای ئەقلّدار دەكردو لەناوبردنی بێ بەزییانەی هەموو ئەوانەی لە گەلّ ئەقلّی جاویداندا، ناكۆكن. هەروا بینیشمان كە ئەم ئەقلّە جاویدانە، لە راستیدا هیچ شتێكی تر نییە، غەیری تێگەیشتنی ئیدیالیستانەی ئەو هاووەلاّتی مامناوەندانە كە ئەوسا بەرەو بۆرژوازی بوون، پەرەیان دەستاند. كاتێ ئەم كۆمەلّگاو دەولّەتی ئەقلّە لە واقیعدا جێبەجێ كرد، دەركەوت، ئەو دەزگا نوێیانە، سەرەڕای ئاقلّییان لە بەراوردكردن لە گەلّ بارودۆخی كۆندا، هەرگیز ئەقلّداری رەها نییە. دەولەتی ئەقلّ دووچاری شكستی تەواو بوو. (پەیمانی كۆمەلاّیەتی) ی رۆسۆ لە سەردەمی تیرۆر جێبەجێ بوو. لەو كاتە بۆرژوازی شایەنە سیاسییەكەی لە دەستدا، یەكەم بار پەنای بۆ دیرێكتۆریسمۆس (دەسەلاّتی بەڕێوبەرایەتی) بەرتیلخۆرەكان بردو پاشان بۆ زەبروزەنگی ناپۆلیون. موژدەبەری ئاشتی هەمیشەیی گۆڕا بۆ جەنگی داگیركەرانەی بێ كۆتایی. ناوچەوانی كۆمەلّگای ئەقلّ لەوە باشتر نەبوو، ناكۆكی لە نێوان دەولّەمەندو هەژارەكان، لە بری ئەوەی لە ناو بەختەوەری گشتی لەنێوبچێت، توندوتیژتر بووەوە، بە هۆی لەناو بردنی پردە رێكوپێك وئیمتیازاتەكانی ترو خێرخوازی كلّیسا كە لە بارەكەیی نەختێك سووك دەكردەوە. گەشەسەندنی پیشەسازی لە سەر بنچینەی سەرمایەداری وای كرد، هەژاری و كلۆلّی جەماوەری كرێكاران ببێ بە مەرجی ژیانی كۆمەلّگا. ژمارەی تاوانكردن، سالّ لە دوای سالّ بەرەو هەلّكشان دەچوو. گەرچی بۆرژوا كارە چروكەكانی دەرەبەگەكان، كە لەناویانی نەبرد، جاران بەبێ شەرم، بە رۆژی نیوەڕۆ بلاّویانی

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

دەکردەوە، کەچی ئێستا بۆ پلەی دووهەم دایگرتوون، لە بری وان، بە سنگ دەرپەڕاندنەوە، کارە چروکەکانی بۆرژوا، کە پێشتر بە شاراوەیی دەیانکرد، چرۆی گرت. تا دەهات، بازرگانی بەرەو موقوربازی پەرەیدەستاند، جاڕدانی درووشمی شۆڕشگێڕ ( (برایەتی) ) یش، بەرەو فێڵکردن لەیەکتر، بەخیلی وپۆت شکاندن لە ناو ناکۆکی کێبرکێ کردن، پەرەیدەستاند. بەرتیلخواردن، شوێنی چەوساندنەوەی زەبروزەنگ ئامێزانەی گرت. شمشێر، وەك یەکەم دەسکی دەسەلأت، پوول شوێنی گرت. مافی یەکەم شەو (زاوابوون) لە دەرەبەگەکانەوە گواسترایەوە بۆ بۆرژوا خاوەن کارگەکان. جندەیی بە رادەیکی وا بەرفراوان بلأوبووەوە کە پێشتر نەبیسترابوو. ئیزدیواجیش کە شێوەیەکە لە جندەیی، وەکو جاران مایەوەو لە لایەن یاساوە، وەك پەردەیەکی رەسمی جندەیی، دانی پێدەنا، شانبەشانیشی ناپاکی ژن و مێردی زۆرو زەبەن، ئەوانی تەواوی دەکرد. بە کورتییەکەی، لە بەراوردکردن لە گەڵ راگەیاندنە بە شانازییەکانی رەوشنگیری بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگا کۆمەلأیەتی وسیاسییانە کە ( (سەرکەوتنی ئەقڵ) ) دایمەزراند، خۆیانیان وەك چاوەڕوانییەکی شکستخوردە، سەڵماند. ئەم بارودۆخە لە هیچی کەم نەبوو، تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە توانایان هەبوو، ئەو شکستییە دەربڕن. ئەوەتا لە گەڵ دەسپێکردنی سەدەی نوێ، پەیدابوون. لە ساڵی ١٨٠٢ ( (نامەکان لە ژنیفەوە) ) ی سان سیمۆن و لە ١٨٠٨یەکەم کتێبی فورییە، بلأوبوونەوە، کەرچی بنچینەی تیئۆرییەکانی لە ساڵی١٧٩٩وە داڕشتبوو. لەیناپری ساڵی١٨٠٠رۆبێرت ئەوین ئەرکی بەڕێوەبردنی (نیولانارك) ی خستە ئەستۆی خۆی.

بەلأم، ئەو کاتە، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ولە تەکیدا ناکۆکی لە نێوان بۆرژوا وپرۆلیتاریا، بە بێ پەرەسەندن مانەوە. یەکەمجار، پیشەسازی گەورە لە بەریتانیا پێکهات، ئەو کاتە هێشتا لە فەرەنسا نەناسراو بوو. لەلایەکەوە پیشەسازی بە تەنێ گەشەی سەندو ئەو ناکۆکییەکانە کەوا دەکەن، وەرچەرخان لە شێوازی بەرهەمهێنان ببێ بە پێداویستییەکی بێ چەند وچۆن. ئەوانەش گرفتگەلێك نین تەنها لە نێو چینەکان کە ئەم پیشەسازییە گەورەیە پەیدای کرد، بەڵکو لەنێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و شێوەکانی کۆڕینەوە کە بەهەمان شێوە هەر بەخۆی پەیدای دەکرد. لەلایەکی دیکەوە، ئەم پیشەسازییە گەورەیە، رێك لەو گەشەسەندنە مەزنەو ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە وەپێشکەفت. پاشان، گەرچی ئەو گرفتانە کە لە سیستێمی کۆمەلأیەتی نوێ سەریانهەڵدا، هێشتا وەك ساێ١٨٠٠لە قۆناغی لە دایکبوونن، ئەوا ئەو کاتەش ئامرازەکانی چارەسەرەکردنیشیان، زۆر پاشکەوتووتر بوو.

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

له گه‌ڵ ئه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری پاریس له کاتی تیرۆر، بۆ چرکه‌یه‌ك ده‌ستیان به سه‌ر ده‌سه‌ڵات گرت، به‌وه هیچ نه‌سه‌ڵمێنرا، جگه له مه‌حاڵبوونی ده‌ستگرتنه سه‌ری ئه‌و جه‌ماوه‌ره به سه‌ر ده‌سه‌ڵات له ژێر ئه‌و په‌یوه‌ندییه باوه‌ی ئه‌و کاته. ئه‌و پرۆلیتاریایه، که وه‌ك تۆی چینێكی نوێ، تازه له‌و جه‌ماوه‌ره هه‌ژاره گشتییه پێكهات و به‌و په‌ڕی بێ توانایی مایه‌وه بۆ پراكتیزه‌كردنی كاری سیاسی سه‌ربه‌خۆ، ته‌نها توێژێكی چه‌وساوه‌و پڕ ژان بوو، له به‌ر ئه‌و بێ توانییه‌دا، بۆ ئه‌وه‌ی خۆی یارمه‌تی خۆی بدات، له باشترین دۆخ، نه‌كرا یارمه‌تی بدرێت، ته‌نها له ده‌ره‌وه یا له سه‌ره‌وه نه‌بێ.

ئه‌م بارودۆخه مێژووییه بیروڕای دامه‌زرێنه‌رانی سۆسیالیستیشی دیاری كرد. حاڵه‌تی پێنه‌گه‌یشتوویی به‌رهه‌مهێنانی سه‌رمایه‌داری و په‌یوه‌ندی پێنه‌گه‌یشتووی چینایه‌تی، تیئۆری پێنه‌گه‌یشتوو، هاوجووتی بوو، بۆیه چاره‌سه‌ری ئه‌ركه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان له ناو په‌یوه‌ندییه ئابوورییه‌كان جه‌قده‌به‌ستن و پێویستی به گیان له‌ده‌ستدان بوو. ئه‌و كاته سیستێمی كۆمه‌ڵایه‌تی ته‌نها له نوقسانی پێكهاتبوو. لابردنیان بوو به ئه‌ركی ئه‌قڵی بیركه‌ره‌وه. پێداویسته‌كان، داخوازی به داهێنانی سیستێمێكی نوێی كامڵتربوو بۆ سه‌رخانی كۆمه‌ڵایه‌تی وسه‌پاندنی به زۆر به سه‌ر كۆمه‌ڵگای باو له ده‌ره‌وه‌وه، به ڕێگای پروپاگه‌نده‌و به گوێره‌ی توانا، به نموونه‌ی ئه‌زموونگه‌لێك وه‌دووی بكه‌ون. ئه‌م سیستێمه كۆمه‌ڵایه‌تییه نوێیانه پێشوه‌خت مه‌حكومبوون به‌وه‌ی وه‌ك یۆتوبیایه‌ك بمێننه‌وه‌و هه‌رچه‌ند چاره‌سه‌ركردنیان له ورده‌كارییه‌كانی دوور ده‌خران، ئه‌وه‌نده ئه‌م تیئۆریانه له گۆڕه‌پانی خه‌یاڵیش دوور ده‌كه‌وتنه‌وه.

پاش دڵنیابوونمان له‌وه، بۆ چركه‌یه‌كیش له‌لایه‌نی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه كه ئێستا بوو به رابردوو، ڕاناوه‌ستین. ئه‌وه بۆ نووسه‌ره بێ ئه‌ررشه‌كان وه‌ك دوهرینگ به جێده‌هێڵین، به شانازییه‌وه ئه‌و خیاڵاتانه بپشكێنن كه ئێستا ته‌نها بوون به گه‌مه‌و سه‌ریان سوڕبێ له سه‌لامه‌تی بیركردنه‌وه‌یان، له به‌راوردكردن له گه‌ڵ ئه‌م جۆره ( (بوورانه‌وه) ) یه. ئێمه زۆر زیاتر خۆشی ده‌كه‌ین بۆ جنۆكه‌ی بیره بلیمه‌ته‌كانی ئه‌و درۆزنانه.

سان سیمۆن له ( (نامه‌كان له ژنێفه‌وه) ) باسی ئه‌و بابه‌ته‌ی كرد كه ده‌ڵێ ( (ده‌بێ هه‌موو خه‌ڵك كار بكه‌ن) )

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

له ههمان نووسراوه هێمای بۆ ئهوه كرد كه دهسهڵاتداری زهبروزنگ له فهرهنسا، دهسهڵاتداری جهماوهره ههژارهكه بوو. به هاوارهوه رووی لهو جهمارهوه كرد: ( (بڕوانن چی له فهرهنسا روویدا كاتێ هاوڕێیهكانتان حوكمڕانیان كرد: برسییهتیان له دایك هێنا) ) .

بهڵام تێگهیشتن لهو راستییه كه شۆرشی فهرهنسی ناكۆكییهك بوو له نێوان ئهشراف، بۆرژوا وهژارهكان له ساڵی١٨٠٢دا، ئهوپهڕی دۆزینهوهی بلیمهتانه بوو. له١٨١٦ سان سیمۆن رایگهیاند كه سیاسهت زانستی بهرههمهێنانهو مهزنهی ئهوهی كرد، ئابووری به تهوای سیاسهت قووتدهدا. ئهگهر تێگهیشتنی ئهو راستییه كه بارودۆخی ئابووری، بنچینهی رێكخستنه سیاسییهكان پێكدههێنی، تهنها به شێوهیهكی سهرهتایی هاتووه. بهوپهڕی روونییهوه ئهو بیرهی دهربڕی كه دهڵێ، بهرێوهبردنی سیاسیانهی خهڵك دهبێ بگۆڕدرێ بۆ بهكارهێنانی شتهكان و بهرێوهبردنی بهرههمهێنان، واته بیرۆكهی لهناوبردنی دهوڵهت، كه له بارهیهوه ههراوهوریایهكی زۆری له سهر نرایهوه.

بهههمان ئهم ئهندازهیه، سان سیمۆن، بهسهر هاوچهرخهكانی بهوه سهركهوت كه له ١٨١٤ رایگهیاند–به هۆی ئهوهی هاوپهیمانهكان بۆ ناو پاریس چوون–وپاشان له١٨١٥له كاتی جهنگی سهدرۆژدا، كه هاوپهیمانی فهرهنساو بهریتانیا، پاشان هاوپهیمانییهتی ئهم دوو دهوڵهته له گهڵ ئهلمانیا، تاقه گارانتیه بۆ پهرهسهندنی ئاشتیانهو گهشهكردنی ئۆروپا. مۆچیاریكردنی فهرهنساله١٨١٥بۆ هاوپهیمانی له گهڵ سهركهوتووهكان له جهنگی واتهرلۆ، بهگشتی پێویستی ههبوو به ئازایهتییهكی گهورهتر له راگهیاندنی جهنگی گۆبهننانهوه له دژی مامۆستا ئهلمانهكان.

ئهگهر له لای سان سیمۆن، پانتایی بلیمهتانهی تێروانینهكانی، تێبینی دهكهین، بۆچوونهكانی دهبن به جنۆكهی ههموو ئهو بیرۆكه نائابوورییه رهقوتهقهی ئهو سۆسیالیستانه كه پاش وی هاتن. دهبینین له لای فورییه رهخنهگرتن له سیستێمی بالادهست ههیه كه تێدا روح سووكی فهرهنسی له گهڵ تۆژینهوهی قووڵی، بهراورد دهكرێ. فورییه، بۆرژوازی له دهمی خۆی خۆیهوه مهحكوم دهكات و ههمان شتی كرد له گهڵ پهیامبهره زیرهكهكانی سهردهمی پێش شۆرش و پێههڵدهره بهرتیلخۆرهكانی سهردهمی پاش شۆرش. به بێ بهزهییانه پرۆپوچی ماددی و مهعنهوی جیهانی بۆرژوازی رسوا دهكردو له گهل بهڵێنه جوانهكانی رهوشنگهران له بارهی دامهزراندنی ئهو كۆمهڵگایه كه تهنها ئهقڵ تێدا بالآدهستهو شارستانییهتێكه خۆشبهختی بۆ ههموو دههێنیّ، بهراورد دهكرد. ههروا بهراوردیانی دهكرد له گهڵ گوتارهكانیان له بارهی توانای

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی کەماڵی بێ سنوور، رسوای دەربڕینە بۆشە زەردوسوورەکانی ئیدۆلۆژە بۆرژواکانی سەردەمی دەکردو پیشانیشی دەدا، چ واقیعێکی قیزەوەن جووتە لە گەڵ ووشە دەنگدەرەوەکانیان، بە گاڵتەجارییە بە تامەکەی هەڵیدەکوتایە سەر ئەو فرەبێژییانە کە رووبەڕووی شکستی تەواوبوون. فورییە تەنها رەخنەگر نەبوو، بەڵکو هەمیشە وەك سرووشتەکەی، بوو بە ساتیرنووس، بە یەکێك لە مەزنترین ساتیرنووسی هەموو سەردەمەکان، بە ووشەی تیژو گاڵتەجاڕی وێنەی کەڵەبازی جامبازەکانی دەکێشا، ئەوانەی کە ئەو کاتە، لە پاش شۆڕش، بە خۆهەڵکێشان و گیانی دوکانداری ناشرین گەشەی کردو دەسەلاتی بەسەر هەموو چالاکی بازرگانی فەرەنسا گرتبوو. بە شارەزاییەکی گەورەترەوە، رەخنەی لە شێوەی پەیوەندی بۆرژوازیانەی هەردوو رەگەزو باری ژنان لەناو کۆمەڵگای بۆرژوازی دەگرت. فوریە یەکەم کەس بوو گووتی، پلەی رزگاری ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، پێوەری سرووشتی ئازادی گشتییە. بەلاّم مەزنی فورییە، بە درەوشاویترین شێوە لە تێگەیشتنی بۆ مێژووی کۆمەڵگا دەرکەوت. هەموو کۆمەڵگای رابردوو بۆ چوار پلەی پەرەسەندن دابەش کرد: هەمەجییەت، باوکسالاری، بەربەرییەت و شارستانییەت. دواین پلە لەلای لە گەڵ کۆمەڵگای بۆرژوازی جووتەو پیشانی دا: (سیستێمی شارستانی شێوەیەکی ئاڵۆز، هەڵە، جووتانەو درۆزنانە بە سەر بوونی هەر خراپکارییەکی بەربەرییەت کە بەشێوە ساکارەکەی پێهەستاوە، دادەنێت) ، شارستانییەت لە ( (بازنەیەکی بۆش) ) دەسووڕێتەوە، لەناو ئەو ناکۆکییەنانەی سەرلەنوێ و بە بەردەم لە دایکیان دەهێنێ وپێیشی ناکرێ بەسەریان زاڵ بێت، بۆیە هەمیشە دەگاتە سەرئەنجامێکی ناکۆك لە گەڵ ئەو سەرئەنجامانەی کە بەراست یا بە رووکەشی دەیەوێ پێیان بگات. هەروا بۆ نموونە دەڵێ ( (هەژاری لە شارستانییەتەوە لە دایك دەبێ، لە خودی دەوڵەمەندی) )

وەك روون وئاشکرایە، فورییە، وەك لێزانینەکەی هیگلی هاوچەرخی ئاستی دیالەکتیکی هەیە. بە دیالەکتیکیانە، دووپاتی دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەو ووتانە لە بارەی توانای مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەماڵی بێ سنوور، کە هەر قۆناغێکی مێژوویی نەك تایبەتمەندی بە هێڵی بەرەو هەڵکشاندنی هەیە، بەڵکو بە هێڵی بەرەو رووچونیش. ئەم شێوە تێگەیشتنە بە سەر دوارۆژی هەموو مرۆڤایەتی جێبەجێ دەکا. وەك چۆن کانت بیرۆکەی لەناوچوونی زەمین لە دوارۆژ، بۆ ناو سرووشتناسی هێنا، ئاوا فورییە، بیرۆکەی لەناوچوونی مرۆڤایەتی لە دوارۆژ، بۆ ناو تێگەیشتنی مێژوو هێنا.

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

لەوکاتەی گەردەلوولی شۆرش فەرەنسای پاکژدەکردەوە، لە بەریتانیا ئینقلابێکی هێمن، بەلأم زەبروزەنگەکەی کەمتر نەبوو، بەرپاکرا. هەلّم و ئامێرە نوێیەکان، مانیفەکتۆرەکانی بۆ پیشەسازی گەورەی هاوچەرخ گۆڕی و بەمە شەقلێکی شۆرشگێڕانەی بە سەر هەموو بنچینەی کۆمەلّگای بۆرژوازی دانا. بەراستی پەرەسەندنی خاو لە سەردەمی مانیفەکتۆر بۆ قۆناغی گەردەلوول و هێرشبردنی بەرهەمهێنان، گۆڕا. بە پەلەیەکی خێرا، دابەشبوونی کۆمەلّگا بۆ گەورە سەرمایەدارو پرۆلیتاری نەدار روویدا، لە نێوان ئەم دوو لایەنە، جەماوەری پیشەدەستییەکان وفرۆشیارە بچووکەکان، واتە ئەو جەماوەرە بگۆڕە، ئەو کەرتە زۆر مەییوەی دانیشتوان، ئێستا ژیانێکی لەرزیوو دەژین. هێشتا شێوەی بەرهەمهێنانی نوێ لە سەرەتای هێلّی هەلّکشانی پەرەسەندنی بوو. هێشتا تاقە شێوەی سرووشتی و بەکاری بەرهەمهێنان بوو لە سێبەری ئەو بارودۆخەدا. کەچی لەو کاتەوە، کارەساتی کۆمەلأیەتی زەق لەدایك بوو: کەلّەکەکردنی دانیشتوانی لانەواز لە گەرەکە تەنەکەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان، وێرانبوونی هەموو پەیوەندیەکانی ئینتیما میراتبووەکانی رابردوو و شێوەی باوکسالاری و خێزان، درێژبوونی رۆژی کارکردن تا رادەیەکی سەیرو بە تایبەتی بۆ ژن و مندالأن، روخاندنی ورە بە شەویەکی بەرفەرەوان لەلای چینە زەحمەتکێشەکان کە لە پڕێکدا خۆیان لە بارودۆخێکی زۆر نوێ بینییەوە.

لەم ماوەیەدا، یەکێك هەستا بە رۆلّی ریفۆرکارێك، پیشەسازێکی تەمەن بیست و نۆ سالّ، مرۆڤێکی خاوەن رەوتاری باش و خاوەێن وەك کارەکتەری مندالأن، لە هەمان کات بە زگماگی وەك بەڕێوەبەرێك، بە دەگمەن هاوتای دەبینین. رۆبێرت ئەوین فێرکاری لەو مەتریالیزمی رەوشنگەری تێگەیشتبوو، کە دەلّێ کارەکتەری مرۆڤ، لە لایەکەوە بەرهەمی پێکهاتە سرووشتییەکەیەتی و لەولاوەوە بەرهەمی بارودۆخی دەوروبەرەکەیەتی بە درێژی ژیانی وبەشێوەیەکی تایبەت، لە قۆناغی پەرەسەندنی بارودۆخەکەیدا. زۆربەی برادەرەکانی لە بارەی بارودۆخی کۆمەلأیەتی، شۆرشی پیشەسازی تەنها وەك شپرزەیی و هەرا، دەبینی کە بۆ ئەوە باش بوو لە ناو چلّپاو ماسی بگیرێ و بۆ بە خێرا دەولّەمەندبوون، بەلأم ئەوین، شۆرشی پیشەسازی، بە هەلێکی گونجاو دەبینی بۆ ئەوەی بیرۆکە خۆشەویستەکەی لە هێنانی رێکخستن بۆ ناو ئەو هەرایە. لە مانشیستەر بەرێوەبەری کارگەیەك بوو، ٥٠٠کارگەر تێدا کاری دەکرد، لەوێ سەرکەوتوانە هەولّیدا بیرۆکەکەی جێبەجێ بکات. لە ماوەی١٨٠٠تا١٨٢٩بەڕێوبەرایەتی کارگەی

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

کوتاڵی پەموو کرد لە نیولانارك لە سکوتلەندە. لە بەر ئەوەی بەرێوەبەر بوو وبەشی هەبوو لەم دەزگایە، بۆیە بەهەمان مەبەست و بە ئازادییەکی زیاترو سەرکەتووانە کاری دەکردو وای لێهات ناوی لە ئۆروپا دەنگ بداتەوە. دانیشتیوانی نیولانارکی کە بەرەبەرە ژمارەیان بۆ ٢٥٠٠کەس زیادی کرد، گۆری بۆ دانیشتیوانێکی زۆر نموونەیی، هیچ دیاردەگەلێك وەك سەرخۆشی، پۆلیس، دادگای تاوان داوەتکاری و خزمەتکردنی هەژاری و خێرخوازی نەبوو. ئەمەی تەنها بەوە جێبەجێ کرد، خەڵکی لە بارودۆخێکدا دانا، زیاتر بە دەنگی کرامەتی ئینسانی دەهات، و بە تایبەتی بایەخی بە پەروەردەکردنی باشی نەوەی نوێ دەدا. بۆ یەکەم جار لە نیولانارك باخچەی منداڵانی کردەوە کە بە خۆی دایهێنا. ئەو باخچەی منداڵانە، منداڵان لە تەمەنی دوو ساڵەوە وەردەگرت. منداڵان بە باشترین شێوە کاتەکەیان بەسەر دەبرد، تەنانەت بە زەحمەتی دەبرانەوە ماڵەوە، کەچی کێبرکێ کەرانی ئەوین کرێکارەکانیان ناچار دەکرد، رۆژی١٣-١٤سەعات کار بکەن، بەڵام ماوەی کارکردن لە نیولانارك ١٠سەعات ونیو بوو. کاتێ قەیرانی کوتاڵی پەموو پێویستی بەوەی کرد، بۆ ماوەی چوار مانگ، بەرهەمهێنان رابگیرێت، کرێکارە بێ کارکراوەکان کرێی کاری تەوای خۆیان وەردەگرت، لە گەڵ ئەمەشدا، بەهای دەزگاکە دوو جار زیاتر بووەوەو بە درێژایی کات قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنەکانی دەهێنا.

بەڵام هەموو ئەوانە بۆ ئەوین بەس نەبوو، چونکە ئەو بارودۆخی گوزەرانییەی بۆ کرێکارەکانی رەخساندبوو، هێشتا، بە پێی بۆچوونی خۆی، دوور بوو لە جێبەجێ کردنی پێداویستەکانی کەرامەتی ئینسانی.

( (ئەو خەڵکە کویلەی من بوون) ) ، ئەوین وای گۆ. ئەو بارودۆخە رەلەتیڤ گونجاوە کە بۆ کرێکارەکانی نیولانارکی رەخساندبوو، هێشتا زۆر دوور بوو لە پەرەپێدانی هەمە لایەن و راتسیونالانەی کارەکتەر و تێگەیشتنیان، باسی چالاکی ژیانی ئازادانەیان ناکەم.

( (ئەرێ، ئەو بەشە کارەگەری ناو٢٥٠٠کەسە، ئەوەندە سەروەتی بۆ کۆمەڵگا بە بەرهەم هێنا، نیوسەدەی پێشوو، پێویستی بە دانیشتیوانێك هەبوو لە ٠٠٠ ٦٠٠کەس. من پرسیارم لە خۆ کرد: ئەو جیاوازییە لە نێوان ئەو سەروەتە کە ٢٥٠٠هەزار بەکاری دەهێنن و ئەو سەروەتە کە دەکرێ ٠٠٠ ٦٠٠کەس بەکاری بهێنێ، بۆ کوێ دەچن؟) ) . وەڵامی ئەم پرسیارە روون بوو. ئەم جیاوازییە بەشی خاوەنی کارگەکان بوو کە٥٪سوسان وەردەگرت لە سەر ئەو سەرمایەیە لە

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36
دەزگاکە بە بەکاردەهێناو سەرباری ئەوەش٣٠٠٠ جونەی ستەرلینی زیاتر قازانجیان وەردەگرت. ئەمە لە هەموو کارگەکانی بەریتانیاو زیاتر لە نیولانارك جێبەجیَ دەکرا.

( (بەبیَ ئەم سەروەتە نوێیە کە ماشینەکان دەیانخولّقاند، نەدەکرا جەنگ بۆ روخاندنی ناپلیون بەرپا بکرێت و پەرەنسیپەکانی ئیروستوکراتی سیستێمی کۆمەلاّیەتی بپارێزرێت، کەچی ئەم هێزە نوێیە لە بەرهەمی چینە زەحمەتکێشەکان بوو.

بۆیە دەبیَ بەرهەمەکەیان بۆ خۆیان ببیَ. ئەم هێزە بەرهەمهێنەرە نویَ و مەزنە کە تا ئێستا ئامرازێك بوو بۆ دەوڵەمەندی چەند کەسێك و کویلەکردنی جەماوەر، بۆ ئەوین وەك بنچینەی کۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی دەهاتە پێش چاو.

لە سەر رێگای ئەم شێوە بازرگانییە، وەك بلّیَ، بەروبوومی حیساباتی بازرگانی، کۆمونیزمی ئەوین پەیدابوو. لە هەموو شوێن و کاتێك پۆی عەمەلی خۆی پاراست. ئەوین لە ١٨٢٣پێشنیاری بنەبڕکردنی هەژاری لە ئیرەلەندا، بە رێگای پێکهێنانی کۆلۆنی کۆمونیستانە کردو سەرجەم حیساباتەکانی خستەبەر دەست وەك نرخی دەزگاکان، خەرجی سالاّنەو مەزەنەی دەستکەوتەکان، لە بارەی پلانە دیاریکراوەکەی دوارۆژو وەردەکارەکانی بەکارهێنانی تەکنیکی کە بە شارەزاییەکەی زۆر باشەوە داڕیشتبوو. گەر میتۆدی ئەوین بۆ ریفۆرکردنی کۆمەلّگا بەو شێوەیە پەسەند بکرێت، ئەوا ناهێلّیَ لە بۆچوونی پسپۆریشەوە، شتێکی وا لە بەرامبەر وەردەکارییەکانیشی بگوترێت.

گواستنەوە بەرەو کۆونیزم خالّی وەرچەرخان بوو لە ژیانی ئەوین. کاتیَ کاری دەکرد، وەك کەسێك بوو، هەلّدەستا بە چالاکی خێرخوازی، سەروەتی دەست نەکەوت، بەلّکو تەنها پیاو چاکی رێز و ناوداری. بەناوبانگترین پیاوی ئۆروپا بوو. نەك تەنها برادەرەکانی لە ئاستی کۆمەلاّیەتی بە بایەخدانەوە، گوێیان لە خیتابەکانی دەکرت، بەلّکو تەنانە پیاوانی دەولّەت و پاشاکانیش بەرێزەوە گوێیان لیَ دەکرت. بەلاّم کاتیَ تیئۆرییە کۆمونیستانەکەی هێنا پێشەوە، بارودۆخەکە گۆڕا. بە بۆچوونی خۆی، بە پلەی یەکەم، سیَ رێگری گەورە هەبوو، لە پێشی رێگای گۆڕینی کۆمەلّگا:مولّکایەتی تایبەتی، ئاین و شێوەی ئیزدواجی باو. کاتیَ دەستی بە خەبات کرد لە دژی ئەم رێگرانە، دەیزانی چی دێتە پێشی: بێزلیَ نەهاتن گشتی لە لایەن کۆمەلّگای رەسمییەوە، لە دەستدانی هەموو شوێنە کۆمەلاّیەتییەکەی. بەلاّم ئەمانە نەیانتوانی

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

ئەوین رابگرن و لە وزەی هێرشبردنە نەترسەکەی کەم نەکردەوە. رێك ئەوەی پێشبینی کرد، هاتە پێشی.

ئەو ئەوینە کە کۆمەڵگای رەسمی بێزیان لێ دەهاتەوەو رۆژنامەکانیش بێدەنگیان هەڵبژارد لەبارەیەوە، توشی هەژاری هات بەهۆی سەرئەنجامی ئەزموونە کۆمونیستە شکستخوردەکانی لە ئەمریکا کە لە پێناویاندا هەموو شتێکی لە خزمەتی دانا، راستەوخۆ رووی کردە چینی کرێکار و لە نێویاندا، بۆ ماوەی ۳۰ساڵی تر، درێژەی بە چالاکییەکانی دا. هەموو ئەو بزووتنە کۆمەڵایەتییانە کە لە بەریتانیا، لە بەرژەوەندی چینی کرێکار دامەزران وهەموو دەستەکەوتە بە کردەوەکان، بەسترابوون بەناوی ئەوین. لە۱۸۱۹وبە هۆی رەنجەکانی کە پێنج ساڵی خایاند، یەکەم یاسا بۆ سنوور دانان بۆ کاری ژنان و منداڵان لە ناو کارگەکان دەرکرا. ئەوین سەرۆکی یەکەم کۆنگرە بوو کە هەموو سەندیکاکانی بەریتانیا تێدا یەکیان گرتەوە لە سەندیکایەکی گشتی و گەورە. ئەوین—وەك ئیجرایەك بۆ گواستنەوە بۆ سیستێمێکی کۆمەڵایەتی کۆمونیستانە—کۆمەڵەی هەرەوەزی (شمەك بەکاربردن و بەرهەمهێنەر) ی دامەزراند، و پاشان لەلانی کەمەوە بە شێوەیەکی عەمەلی سەلماندی کە توانای تەواوی هەیە بۆ پێویستی نەبوونیان بە بازرگان و بەخاوەن کار. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە، بازاڕی کرێکاری رێکخست بۆ گۆڕینەوەی بەرهەمەکانی کار بە رێگای پووڵی کاری کە هەر دانەیەکی بەرامبەر بە سەعاتێکی کار بوو. ئەم بازاڕانە دەبوایە شکست بخوات، بەڵام موژدەبەرێك بوو بە بانقی گۆڕینەوەی برۆدۆن کە پاشان بە ماوەیەکی زۆر درەنگتر، دەرکەوت. ئەمە بە یەك شت لەوی جیاوازی هەبوو، ئەوەش ئەوە بوو کە بە چارەسەری جیهانی هەموو خراپکارییەکانی ناو کۆمەڵگا دانەنرا، بەڵکو تەنها وەك هەنگاوی یەکەم بەرەو گۆڕانکاری ریشەییتر کۆمەڵگا، دانرا.

ئەمانە ئەو کەسایەتییەن کە بەرێز دوهرینگ لە تروپکی (دوا راستیی و بڕیاری کۆتایی) ) بە چاوی سووکایەتییەوە تەماشایان دەکات، وەك لە ( (پێشەکی) ) چەند نموونەیەکمان پیشان دا. ئەم سووکایەتییە بە مانایەکەوە، بە بێ بنەچەی پێویست نییە: لە راستیدا، سەرچاوەکەی نەزانی بێ سنووریەتی بە نووسراوەکانی هەموو ئەم سێ یۆتۆبیانە. بەرێز دوهرینگ لە بارەی سان سیمۆن بۆ نموونە دەڵێ ( (لە راستیدا، بیرۆکە بنچینەکەی درووستە، گەر هەندێ لە بابەتە یەك لایەنەکانی وەلا بنێین، ئێستاش دەتوانن ببن بە پاڵپێوەنەرێك بۆ داهێنانی فعلی) ) . بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەرێز دوهرینگ وەك دەردەکەوێ، بە راست هەندێ لە کتێبەکانی سان سیمونی

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

گرتووەتە دەست، ئێمە بە بێ سوود گەراین لە ناو ئەو٢٧لاپەڕە لە چاپدراوو تایبەتکراوەی لە بارەی ( (بیرۆکە بنچینەیەکانی) ) سان سیمۆن، وەك چۆن پێشتر بە بێ هۆ گەڕاین بە دوای وەلأمدانەوەی پرسیارێك لە بارەی ( (ئەو مانایە کە کیسنی بە خۆی دابینی دەکا) ) بۆ خشتە ئابرووریيەکەی، لە دواییدا دەبوایە لە سەرمان بەم قسە بەتاڵە رازی بین: ( (خەیاڵکردن و شەڵەژانی خێرخوازی باڵی بە سەر هەموو بیروبۆچوونەکانی سان سیمۆن کێشا. . . لە گەڵ بەستراوەیی گاڵەکردنی بە خەیاڵەوە) ) !

دوهرینك هیچ لە نووسینەکانی سان سیمۆن نازانی، فەنتازییەکانی دوارۆژ نەبێ کە تا رادەی رۆمانسییەت وێنەی کێشاوە. دوهرینگ تەنها بایەخ بەمە دەدا، هەڵبەت ئەمە لایەنەکە ( (زۆر گرنگترە) ) بۆ دووپاتکردنەوەی سەرکەوتنی بێ کۆتایی بەرێزی بە سەر فوریە لە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی چۆن"لە هەلێکدا، رەخنە لەم بارودۆخە واقیعییە بگرێت"، "لە هەلێکدا" کەچی لە زۆربەی لاپەڕەی نووسراوەکانی فورییە، پریشکەدانی ساتیرو رەخنە کە ئابرووی نزمی شارستانییەت کە ئەوان زۆر بە هەیبەتەوە باسی دەکەن. ئەمە وەك ئەوەیە یەکێك بڵێ بەرێز دوهرینك تەنها لە"هەڵەکاندا"خۆی وەك گەورەترین بیرمەندی هەموو سەردەمەکان دادەنێ. ئەو دوازدە لاپەڕەیە کە تایبەتیکردوە بۆ رۆبێرت ئەوین، ئەوا بەرێز دوهرینگ هیچ سەرچاوەیەکی بەکار نەهێناوە، تەنها باسکردنی حەقیری ژیانی کە لە لایەن سارغانتی مونافیقەوە نووسراوە، کە ئەمیش هیچ ئاگای لە نووسراوە گرنگەکانی ئەوین، مەبەستم نووسراوەکانی لە بارەی ئیزدواج وسیستێمی شیوعییەت. بۆیە تەنها لە بەر ئەمەیە بەرێز دوهرینگ دەوێرێ بڵێ کە ( (مەرجی لابەلاکەرەوەی شیوعییەت بوون) ) لە لای ئەوین بەدی ناکرێ. بە هەر حاڵ، گەر بەرێز دوهرینگ لە لانی کەمەوە، نووسراوەکەی ئەوین ( (کتێبێك لە بارەی جیهانی رەوشتی نوێ) ) بەدەستەوە بگرێ، ئەوا نەك هەر ئەوپەڕی هەموو بڕیارەکانی کۆمونیزم لە گەڵ ئەرکی یەکسان بۆ هەموو لە کارکردن و مافی یەکسان لە بەرهەمەکان–یەکسانی بە پێی تەمەن، وەك ئەوین بۆی زیاددەکا–، بەڵکو نەخشەکێشانی وردی پێکهاتنی کۆمونەی دوارۆژی شیوعییەت لە گەڵ هێڵکاری گشتی و رووبەر و دەرکەوتنی لە سەرەوە دەبینی. بەلأم ئەگەر مرۆڤ لە ( (توێژینەوەی راستەوخۆی بەرهەمەکانی نوێنەرانی ئەو بیروباوەڕانەی سەر بە بازنەی سۆسیالیزم) ) تەنها سەردێری ئەو بەرهەمانە بخوێنێتەوە یا لە باشترین حاڵەت، تەنها. . . دروشمەکانی–وەك بەرێز دوهرینگ دەیکات– هەڵبەت هیچ نامینێتەوە، غەیری وتنەوەی ئەو قسە سەخیف و ئیدعا راستەوخۆ

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

دروستکراوانە نەبێ. ئەوین تەنها موژدەبەری ( (هەڵویستی کۆمونیستی) ) نەبووە، بەڵکو بە کردەوە جێبەجێی کردووە لە ماوەی پێنج ساڵ (لە کۆتایی سییەکان تا سەرەتای چلەکان) لە کۆلۆنی هارمۆنی هال لە هامبسیر، ئەو کاتە هێشتا کۆمونیزم هیچی لە بڕیاردانی کەم نەبوو. من بەخۆم هەندێ لەو کەسانە دەناسم کە کاتی خۆی لەو ئەزموونە کۆمونیستی نموونەییە بەشداریان کردبوو. بەڵام سارغانت، نە لەم و نە لەو هیچ نازانێ، لە چالاکییەکانی ئەوین بەگشتی لە ماوەی١٨٣٦تا١٨٥٠هیچ نازانێ، بۆیە لەم بارەیەوە، ( (نووسینی قووڵی مێژوو) ) ی بەڕێز دوهرینگ لە ناو دەریای نەزانی نوقم بووە.

بەڕێز دوهرینگ لە بارەی ئەوین دەڵێ کە ( (لە هەموو لایەنەکەوە نەهەنگێکی بکەر بوو بۆ خێرخوازی بە زۆر) ) . بەڵام کاتێ بەڕێز دوهرینگ بە خۆی باسی ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە کە بە ئاگایە لێیانە بە یەکجاری لە ناو و دروشمەکانی، ئەوا ئێمە، بە هەر حاڵ، بۆمان نییە بێژین کە خۆی وێنەرە ( (لە هەموو بارێکەوە، نەهەنگێکی بکرە بۆ نەزانی بە زۆر) ) ، چونکە ئەگەر ئێمە ئەم دەربڕینە بە کار بهێنین، ئەوا بە ( (جوێندان) ) دادەنرێت.

یوتۆبیاکان، یۆتۆپی بوون، چونکە، وەك بینیمان، نەیاندەتوانی ببن بە شتێکی تر غەیری یوتۆپیایی لە سەردەمێکدا هێشتا پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لاوازە. ناچاربوون بە دەستنیشانکردنی عونسورەکانی کۆمەڵگای نوێ لە ناو مێشکیانەوە، چونکە ئەو عونسورانە لە ناو خودی کۆمەڵگای کۆن بە شێوەیەکی روون بۆ هەموو، دەرنەکەوتن. کاتێکیش نەخشە گشتییەکەیان بۆ دامەزراوە نوییەکەیان کێشا، ناچار بوون بەس بکەن بە یارمەتیوەرگرتن لە ئەقڵ، چونکە نەیانتوانی کۆمەکخوازی لە مێژووی هاوچەرخەکەیان وەربگرن، بەڵام ئێستا، پاش ئەوەی بەڕێز دوهرینگ لە سەر شانۆ دەرکەوت، پاش تێپەڕوونی٨٠ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەو ئیدیعای هەڵهێنجانی تیئۆری ( (سەرکردایەتی) ) بۆ سیستێمی کۆمەڵایەتی نوێ دەکا، نەك لە ماددەی فرەوان و پەرەسەندنی مێژوویی بەو مانایە کە ئەم تیئۆرییە داتاشراوێکی پێویستە لە وی، نەخێر، بەڵکو لە دەماغی سەربەخۆی، لە ئەقڵی تایبەتی کە نوقم بوو لەناو ( (دوا راستییەکان) ) ، ئەوا لە هەموو شوێنێك، تەنها بۆنی لاساییکەرەوان دەکا، تەنها بۆ لاساییکەرە یوتۆبییەکان دەگەڕێ، بەخۆی نوێترین لاساییکەرەوەیە. ناوی یۆتۆبیایە مەزنەکان دەنێ ( (کیمیاییە کۆمەڵایەتییەکان) ) . رەنگە وابێ. لە کاتی خۆی کیمیاییەکان پێویستییەك بوون، بەڵام لەو قۆناغەوە، پیشەسازی گەورە، پەرەی بەو ناکۆکییانەدا کە لە ناو تەرزی بەرهەمهێنانی

www.kurdistannet.org
11/06/2002 02:36

سەرمایەداری هەن و بۆ ناكۆكیگەلێكی زەق گۆڕلنكاری بە سەریان هێنا، بەشێوەیەك كە كاولبوونی تەوای تەرزی ئەو بەرهەمهێنانە وەك بلێیی بەدەست هەستی پێ دەكرا. چیتر نەدەكرا هێزی بەرهەمهێنان بپارێزرێ وتەنها بە هێنانی تەرزی نوێی بۆ بەرهەمهێنان، گەشەی پێبدرێ، بە شێوەیەك كە وەلاّم بە قۆناغی نوێی گەشەكردنەكەی بدا.

ئەو ناكۆكییانە تا ئەو رادەیە گەشەیان كرد كە ململانی لە نێوان هەردوو چینەكە كە شێوەی بەرهەمهێنانی باو لەدایكیانی هێناو بە بەردەوام دووبارەیان دەكاتەوە بە ناكۆكی، تا دێ زیاترو زیاتر كەڵەكە دەبن و رەنگە هەموو وەلاّتە شارستانییەكان بگرێتەوەو رۆژ بە رۆژ توندتر دەبێ، بۆیە ئێستا، گەیشتن بە تێگەیشتنی ئەم پەیوەندییە مێژووییانەو بارودۆخی گۆڕانكاری كۆمەلاّیەتی كە بە حوكمی ئەم پەیوەندیانە بوو بە پێویستییەك، هەروا تێگەیشتن لە خەسڵەتە بنچینەیەكانی ئەم گۆڕانكارییە، ئەو خەسلەتانەن كە هەموو ئەوانە پشتی پێ دەبەستن. ئەگەر ئێستا بەڕێز دوهرینگ، لە بری ئەوە ماددە ئابوورییە كە لەبەردەستدایە، لە كەللەسەری پایەبەرزیەوە، سیستێمێكی كۆمەلاّیەتی یۆتۆبی نوێ دەخولّقێنێ، ئەوا بەس نییە پێ بگوترێ تۆ تەنها خەریكی ( (كیمیای كۆمەلاّیەتی) ) سانا نیت. نەخێر، لەوە زیاتر هەڵسوكەوت دەكا، وەك یەكێك بییەوێ كیمیای كۆن زیندو بكاتەوە، پاش ئەوەی یاساكانی كیمیای مۆدێڕن دۆزرایەوەو سەڵمێنر، دەیەوێ قورسایی ئەتۆمی، هاوكێشەكانی لەتەكان، لێهاتوویی كیمیایی وردیلەكان، زانستی كریستاڵ و لێتوژینەوەی شەبەنگی )ÍÝíÓáÇ ÃÇíãíßáÇ( بۆ یەك مەبەست بە كار بهێنێت، ئەوەش بۆ دۆزینەوەی بەردی فەیلەسوفەكان.

سەرچاوە: Karl Marx/Friedrich Engels, Ausgewaelte Werke,S281

æÓæã ¡ãÏÈÇ ÑÇÏ ¡ãäÚáÇ ÍÝ æÏ äãÏãæÇ ÏÓáÇ ÊÑÌ ¡ÏãÑÍãæÏ ÏÓ ¡ÓáÏãÃ